Dr.Saleh Ebrahimi



بەڕێز کاك کەلیموڵڵا تەوەحجودی[1] ئەنوسێ:

مەستورەی کوردستانی وێنەی پەروینی ئیعتیصامی‌یە و ئەم بڕە شێعرە کوردی‌یە هی مەستورەخانمە، بەڕێز سەید محەمەد صەمەدی لە مەهابادەوە بۆی ناردوە و لە کۆبەی = کتێبەکەیدا لە چاپی داوە و ئێمەیش بۆ ئێوەی بەڕێزی ئەگێڕینەوە:

غەزەل:

گرفتارم بە نازی چاوەکانی مەستی فەتتانت
بریندارم بە زەخمی سینەدۆزی تیری موژگانت
بە زوڵف و پەرچەم و ئەگریجەکانت غارەتت کردم
دڵێکم بو ئەویشت خستە نێو چاهی زەنەخدانت
تەشەکور واجبە بۆ من ئەگەر بمرم بە زەخمی تۆ
بە شەرتێ کفنەکەم بدرون بە تای زوڵفی پەریشانت
جەناپا! ئاشقان ئەوڕۆ، هەمو هاتونە پابۆست
منیش هاتم، بفەرمو بمکوژن بمکەن بە قوربانت
لە کوشتن گەردنت ئازا دەکەم خۆت بێیتە سەر قەبرم
بە رۆژی جومعە بمنێژن لە لای نەعشی شەهیدانت
کەسێ تۆ کوشتبێتت رۆژی مەحشەر زەحمەتی نادەن
ئەگەر وەك من لە ئەو دنیایەسوتابێ لە هیجرانت ::

ژیناوەری زانایانی کورد...[2] لە بابەت مەستورەخانمەوە چەن مەبەستێکی

:: هەر چەن دەڵێن: ئەم شیعرانە هی ئەمین بە تحایی‌یە.

١- بەرگی دوەمی حەرەکەتی کورد بۆ خوراسان چاپی ١٣٦٤، خۆزی پەرەی ٥١١

٢- یا گەنجینەی فەرهەنگ و زانست نوسراوی: محەمەد صالح ئیبراهیمی محەمەدی (شەپۆل) چاپی تاران ساڵی ١٣٦٤ هەتاوی پەرەی ٣١٦ و ٣١٧ و ٣١٨ و ٣١٩

Dr.Saleh Ebrahimi



نوسیوه و له‌بن سه‌ردێری (ڕوت)دا ئه‌م شیعره کوردی‌یانه‌ی گێراوه‌ته‌وه:

روت:

روته که روته یا شه‌به‌حی مانگی ئاسمان
قه‌د و خه‌رامی تۆیه یا سه‌روی بۆستان
نه‌مدیوه مانگێ کڵاوی له سه‌ر بێ غه‌یری تۆ نه‌بێ
مه‌عشوق و نه‌وجه‌وانی وه ناو گوڵستان
یا شێخ ئه‌ونه ناوی قورئانم لا مه‌وه
من دینی نیگاری خۆم به‌سه وا دام به تۆ جه‌نان
گیانه له‌وانه نیم که له‌به‌ر گیان برۆم له لات
گه‌ر تیر بباری حازره گیان ئه‌یکه‌م به نیشان
مه‌ست و مه‌دهۆشم ده‌مێ یار پێم که‌ره‌م که
شه‌هدی حه‌یات و ئاوی حه‌یوان و عومری جاویدان

مه‌ستوره‌خانم له دیوانی شیعره فارسی‌یه‌کانی خوێدا ناوی خۆی به‌مجۆره ئه‌با و ئه‌ڵێ:

شیعر

خورشید وش و بنام ماه شرفم
مستوره و خسرو زمان را طرفم

به زاراوه‌ی هه‌ورامی

خوسره‌وم وه‌هار خوسره‌وم وه‌هار
پاشانه بووه ئیمسال نه‌و وه‌هار
به‌رنیان وه‌به‌ر گولان جه گوڵزار
نه‌که‌رۆ دره‌خت شکۆفه ئیظهار
نه صه‌حن چه‌مه‌ن نووانۆ بولبول
هه‌نی نه‌نیشۆ ژاله نه روی گول

Dr.Saleh Ebrahimi



نیلوفەر تا حەشر بەرنیو جە ئاو
جە روی گوڵ سور نەکیشۆ گوڵاو
وەنەوشە و سونبول نەسرین و شەوبۆ
تا قام قیام بەرنیان جە کۆ
سوسن و لالان خوار و نگون بان
شەقایق رەنگ زەرد جگەر پڕ هون بان
نەسیم صەبا نەیۆ وە چەمەن
نە شانۆ شەونم وە روی نەستەرەن
جەعفەری و سەمەن رێحان و بەیداخ
نەرویان جە خاك چەنی ئاخ و داخ
ئاغەم: دەمای مەرگ دیدە شەهلای تۆ
یاشا کەس نەرگس نەکەرۆ، وە بۆ
بگیرۆ، وەدەس هەرکەس دەسەی گوڵ
وێنەی نێش خار بپێکۆش نە دڵ
قەقەهەی کەوان نەبۆ نە کۆسار
نە رەنگ گوڵ بۆ نە بەزم گوڵزار
برەژۆ سووەیل ئیمساڵ چون ساڵان
رەنگ سور نەکەرۆ، بەرگ نەوهاڵان
پەی چی (خوسرەو) بەند نە تۆی مەزارەن
(مەستورە) جە سەیر وەهار بێزارەن
قەسەم بەو خودا واحید و فەردەن
نەی چەن رۆژەی عومر تا وادەی مەردەن
جە دەمای خوسرەو سەرێر صەحرا و دەشت
ئارەزوی چەمەن تەماشا و گوڵگەشت

Dr.Saleh Ebrahimi



نەگهەتی گولان شەمامە و شەوبۆ

جە دنیای پڕ مەکر جە من حەرام بۆ

(مەستورە) مەلول دڵ جە مەینەت مەس

جام عەیش توهی شیشەی غەم بە دەس

فەلەك نە جەورەت زار و سەرگەردان

وەختەن دەیری بشون وە هەردان

ئەی زوڵم سەنگین نەی بێدار تۆ

هەر مەواچون داد هەر مەکەرون ڕۆ

والی ذی شەوکەت یوسف لەقام بۆ

ئیسکەندەر قودرەت حاتەم عطام بۆ

هوژەبر بێباك روی مەیدانەم رۆ

فەخر دودمان (ئەردەلانەم) ڕۆ

جەوان نەورەس نەمەکینەم ڕۆ

مایەی دڵ وەشی دنیا و دینەم ڕۆ

شەمع شەبستان خوسرەو خانەم ڕۆ

مایەی شادی و شەوق کوردستانەم ڕۆ

زوبدەی والیان والا جاهەم ڕۆ

(فخرالولاتم) میهر شاهەم ڕۆ

جەمشید ثانی فەرەیدونەم ڕۆ

ئیسە گیردام قەبر دونەم ڕۆ

شاەلان کەمەر هەم لان بەخشەم ڕۆ

ثانی توهومتەن صاحیب رەخشەم ڕۆ

لان بەخش! خۆم فیدای لان بەخشانت بام

فیدای بەزم عەیش مەی نۆشانت بام

Dr.Saleh Ebrahimi



خوسرەو؟ ئامانەن فیدای نامت بام
دەستاخی مەزار قەید دامەت بام
فیدای دو دیدەی مەست مەخمورەت
قوربان رەنجش لاشەی مەهجورەت
قوربان نالەی زار و زگارت
فیدای زەلیلی دەس ئازارت
خوسرەو! خۆم فیدای نەوجەوانیت بام
فیدای تاج و تەخت خوسرەوانیت بام
فیدای جەوانی کام نەیاوات بام
فیدای مال چۆل (خوسرەو ئاوا)ت بام
(مەستورە)! نە جەور دنیای پڕ تەزویر
نە جای تەقریرەن نە یاگەی تەحریر

ئەم شێعرانە برای دڵسۆزم کاك بەهائەدین مەردۆخ بە دیاری ناردویەتی و منیش هێنامە سەر ڕێزمانی کوردی و ئەوا بە سپاسەوە لە چاپی ئەدەین. هەروا کاك عبدالرحمن پاشا لە گۆواری سپیدە بە ناوی دیاری «شەپۆل» لە سپێدەی ژمارەی ٣ و ٤ی پایزی ١٩٩٣ پەڕەی ٤٥ و ٤٦ لە چاپی داوە.

سەرچاوە:

١ـ کتێبی حەدیقەی ناصریە.مێژوی کوردستان نوسراوی.میرزا عەلی ئەکبەر صادیقولمولك خەتی.

٢ـ مەجمەعولفوصەحا بەرگی ٢ نوسراوی رەزاقولیخان هیدایەت پەڕەی ٣٥٦.

٣ـ حەرەکەتی مێژویی کورد بۆ خوراسان بەرگی دوەم نوسراوی زانای بەرێزی کورد کەلیمولڵا تەوەحودی چاپی ١٣٦٤ هەتاوی پەڕەی ٥١١ و گەنجینەی فەرهەنگ و زانست.

Dr.Saleh Ebrahimi



چیست عیش و کامرانی گویمت گر خودندانی — دولت وصل نگار ولَذَّتِ روز جوانی
خرقهٔطاعات وتقوی رَهن‌صَهباشدولیکن — عاقبت دانم که این مَی حاصل آردسر گرانی
گر حیات جاودان خواهی زلعلش بوسه بستان — زانکه در آن لب بود مُضمرحیات جاودانی
قصّه در وصفش نرانم، حاش‌لله زآنکه دانم — همچونقشِ دلکشش صورت‌نبندد‌کلك مانی
گرمه و سروش بخوانم، بس خطاباشد که نبود — ماه با این دلفریبی، سروبا آن دلستانی
شهرت زیبای شیرین، شرح حُسن روی لیلی — جُمله با وصفِ مثال او بود آفسانه خوانی



چشم دل «مستوره» ازسیرجمالش برندوزی
صَـــدرَهَت گویند اگـر مانند مُوسی لَن‌تَرانی

*

افسوس که گردِ قَمَرت هاله گرفت — خارآمد و اطراف گُل و لاله گرفت
آهی که من از سینه کشیدم آخر — در روی وَی آتش زد و تبخاله گرفت

**ساختومانی نشیمه‌نی مه‌ستووره خانم کوردستانی، له شاری سنه**

- ژیناوه‌ری زانایانی کورد ج ۲ لاپه‌ره‌ی ۲۴۲ تا ۳۴۶ شه‌پۆل. مجمع الفصحا ج ۲ لاپه‌ره‌ی ۴۵٦ - تاریخ ئه‌ردلآن نوسراوی خودی مه‌ستوره خانم - حدیقهٔ ئه‌مان اللّهی لاپه‌ره‌ی ۴۳۵ تا ۴۵۷ مێژوی مشاهیر کورد ئوستاد بابا مه‌ردۆخ رۆحانی شێوا.

Dr.Saleh Ebrahimi




بلبلی خون دلی خورد و گلی حاصل کرد
باد غیرت به صدش خار پریشان دل کرد
طوطی‌ای را به خیال شکری دل خوش بود
ناگهش سیل فنا نقش امل باطل کرد
قرةالعین من آن میوه دل یادش باد
که چه آسان بشد و کار مرا مشکل کرد
ساربان بار من افتاد خدا را مددی
که امید کرمم، همره این محمل کرد
روی خاکی و نم چشم مرا خوار مدار
چرخ فیروزه طربخانه از این کهگل کرد

Dr.Saleh Ebrahimi

Dr.Saleh Ebrahimi



# سالّ نوینی روداوەکان(١)

١٢١٢ لادانی حەسەنعەلیخانی ئەردەلان و دانانی ئەمانەللاخان لەلایەن فەتالیشای قاجاری تورکەمەن.

—— لە دایک بونی خورشید خاتون.

١٢١٥ قەراردادی بازرگانی ـ رامیاری ئێران و ئینگلیس

—— شێخ محەمەد سەعید تەختی دەرس بێژی مزگەوتی‌دار ئیحسان لە ١١٥٢ی مانگی لە دایک بووە و لە ١٢٣٦ مانگی وەفاتی کردوەو ۴ کوری بەناوی شێخ عەبدولقادر موهاجیر، شێخ محەمەد وەسیم‌سانی، شێخ محەمەد نەسیم و شێخ محەمەد جەسیم حوجەتولئیسلام بووە.

—— شێخ محەمەد قەسیم برای شێخ محەمەد، تەختی لە مزگەوتی دارئیحسانی شاری سنە دەرس بێژ بووە کە ئەمانەللاخان ئەوەڵ والی سنە فێرگەی دارئیحسانی بۆ ئەو جوتە برایە سازداوە.

—— لە دایک بوونی شیخ عەبدولقادر موهاجیر، کوری شیخ محەمەد سەعید تەختی.

—— حەزرەتی نالی لە شارەزور لەگوندی خاک‌و خۆڵ لە ساڵی ١٢١٥ی مانگی لەدایک بووە و لە ١٢٧٣ دا لە شاری ئەستەمبول وەفاتی کردوە و لە قەبرستانی ئەییوب ئەنساری ئێژراوە.

١٢١٦ راکردنی حوسین عەلیخان لە عەمباری شاو پەنابردن بۆلای موکری و بلّباس، تیشکان و گیران.

١٢١٧ راپەرینی خەڵکی و لاّتی ئەردەلاّن بەدژی ئەمانەللاّخان و شکایەت لەو لە دەرباری قاجار بە رابەری فەتح‌عەلی بەگی وەکیڵ و ئاشتی کردن لەگەڵ ئەمانەللاّخان بە ناوبژی کردنی فەتالی‌شای قاجار.

—— کوژرانی کورانی محەمەد رەشید بەگ لەلایەن ئەمانەللاخانەوە.

—— مردنی سلێمان پاشا (وەزیری بەغا و جێی‌نشینی عەلی پاشا بەراسپاردەی ئەو.

—— هێرشی وەهابیان بۆسەرکەربەلا و تالاّن و کوشتنی هەزاران کەس.

١٢١٨ رەمەزان سەرەتای شەری ئێران و روسیە.

١. وەرگرتن لە دیوانی مەستورەخانمی کوردستانی.

Dr.Saleh Ebrahimi



ـــــ شەوال داگیرکردنی گەنجە و لکانی بە روسیەوە
ـــــ لەدایک بوونی میرزا عەبدوللاّمونشی (: رەونەق) مامی مەستورە.
١٢١٩ (سەفەر) رۆیشتنی نایبوسەڵتەنە لە تەوریزەوە بۆجەنگ لەگەڵ روس.
١٢٢٠ ماه شەرەفخانم قادری: مەستورە کوردستانی، لە ساڵی ١٨٠٥ زو ١٢٢٠ مانگی لە شاری سنە لە دایک بووە.
ـــــ شێخ محەمەد وەسیم. سانی لە ساڵی ١٢١٩ مانگی لەدایکبووە و لە ١٢٧٥ وەفاتی کردوە و کۆبەی لەسەر شەرحی تەهزیبی کەلام ـ ی شێخی موهاجیری برای نوسیوە و لە میسر لە چاپ دراون.
ـــــ رەجەب هاتنی نوێنەری ناپلئۆن بۆ تاران و مردنی ئەو
ـــــ هێرش، کەهیا پاشا بەسی: (٣٠) هەزار کە سەوە بۆسەر مەریوان و تێکشکاندنو بەدیل گرتنی ئەوو سپاکەی.
ـــــ سەرەتای دەس دانە ئاوەدان کردنەوەی ولاّتی ئەردەلاّن لە لایەن ئەمانەللاّخانە وە.
ـــــ ئەو رەحمان پاشای بابان، کوری مەحمود پاشای ئەوەڵ بۆ ماوەی ٢۴ ساڵ لە ولاّتی بابان حوکومەتی کردوە.
١٢٢١ رەبیعی ٢ چوونی نوێنەری فەتالیشا بۆ فەرانسە
ـــــ هاتنی شێخ ئەحمەد ئیحسابی بۆ ئێران.
ـــــ لە دایک بونی کەیخوسرەوخانی ناکام.
ـــــ لە دایک بونی سەیید ئەو رەحیم حەکیم مەولەوی کورد (١٣٠٠ ـ ١٢٣٩)
١٢٢٢ گرێدانی پەیماننامەی ئێران و فرانسە
ـــــ رەمەزان، هاتنی دەسەی نێردراوی فەرانسە بۆ ئێران لەگەڵ ژەنرال گاردێن.
ـــــ (رەبیعی ٢) گرێدانی پەیماننامەی پرسە لە نێوان فەرانسە و روس (٩ ژوئێەی ١٨٠٨)
ـــــ نەخشەی کوشتنی ئەمانەللاّخان ئەردەلاّن لە لایەن وەکیلەکان وتێشکانی ئەوان.
ـــــ مردنی محەمەد رەحیم بەگ و نەزەر عەلی بەگی وەکیل.
١٢٢٣ راگەیاندنی سەر بەخۆیی دەوڵەتی کورد، لە لایەن عەبدورەحمان پاشا بابان و ٢۴ ساڵ حوکومەت کردن و مردن لە ١٢٢٨ی مانگی.
١٢٢۴ (موحەرەم) گرێدانی پەیماننامەی کورتی ئێران و ئینگلیس لەمانگی (١٢ مارسی ١٨٠٩ ز ـ).

Dr.Saleh Ebrahimi



——— (رەبیعی ٢) رۆیشتنی ئەبوحەسەنخان شیرازی بۆلەندەن.

——— لە دایک بونی مەلا محەمەد شێخ ـ ی ئیسلام (مردن ١٢٨٩ مانگی).

——— هێرشی جاف بۆسەر ئەمارەتی ئەردەلان.

——— (رەمەزان) جەنگ لە نێوان بەغا و حاکمانی بابان لە ساڵی ١٢٢٦.

١٢٢٦ (شەوالی) هاتنی سەفیر (بالوێز)ی ئینگلیس بۆ تاران.

——— ناردنی ٢ زانینخواز بۆ ئینگلیس.

——— گەرانەوەی مەولانا خالید (قوتبی تەریقەتی نەخشبەندی) لە ساڵی ١٢٢٦ی مانگی لە هێندوستانەوە بۆ شاری سنە و دوای چەن رۆژ مانەوە، دەچێتەوە شاری سلێمانی و لە ساڵی ١٢٢٠ دەچێتە حەج و لە ١٢٢٤ دەگاتە خانەقای شاعەبدوللا دیهلەوی و لە ١٢٢٨ لە سلێمانی دەروا بۆ بەغدا و لە ١٢٢٣٠ بە تەقازای مەحمود پاشای بابان دەگەرێتەوە بۆ سلێمانی و لە ساڵی ١٢٣٦ بۆ جاری سێوەم دەچێتەوە بە غدا و لە ساڵی ١٢٣٨ لەگەڵ ژمارێ، لە رانایان و خواناسانی پەیرەوانی بە دەعوەتی شێخ ئەحمەد خەتیبی هەولێری و خەڵکی دیمەشق، دەچێتە ئەوێ و لە وێوە دەچێتە قودس و دەگەرێتەوە دیمەشق و لە ١٢٤١ بۆجاری ٢ دەچێتە وە حەج.

——— گرتنی شاری سلێمانی و دانانی دوبارەی عەبدورەحمان پاشای بابان لە ١٢٢٦ی مانگی لە بان تەختی پاشایی لە لایەن والی و محەمەد عەلی میرزا.

——— حاجی مەلا عەبدولکەریم پیریونس ناودار بە شیرازی کە دەچێتەوە سەر موزەفەرەدین محەمەد شەهید شوانکارەی کوردی لای شیراز، کە تەفسیر و پراوێزێ فرە زانایانەی لە سەر ئایەتی نور نوسیوە و خاوەنی گوندی خاوێران و پیریونس بووە و چەن ئاشی ئاویشی هەبووە و دەسخەتی قەباڵەکانی لە کتێبخانەی (شەپۆل) دا هەیە و حاجی مەلا عەبدولکەریم لە سەر نوێژکردنی بەیانی کە سەری لەسەر سوجدە بووە،شەهید کراوەو لە پیریونس نێژراوە خاوێران و پیر یونس لە ٢٠کیلۆمیتری شاری سەقز دایە لەسەر بەنداوی خوار شاری سەقز (بڕوانە کتێبی فەرهەنگی ناماوەرانی مەعاسری ئێران بە فارسی بەرگی ٢ ئەلف پەرەی ٤٨ و ٤٩ چاپی ١٣٨٤ی هەتاوی تاران.

——— حاجی مەلا محەمەد باڵەقوڵو ناودار بە (بەها) ئەمین حوزوری مەلیک غازی شێخ

Dr.Saleh Ebrahimi



عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین، (بەها) کوڕی مەلا سەعیدی گەورە، کوری حاجی مەلا عەبدولکەریم پیریونس ناودار بە شیرازی‌یە کە (بەها) لە ۲۷ی رەمەزانی ساڵی ۱۳۴۳ی مانگی لە ۸۳ێ ساڵیدا لە شاری زاناپەروەری مەهابادی موکری وەفاتی کردوە و نێژراوە و مەرقەدەکەی لە نێزیک شەقامی جامی جەم لە نێوخزنی شیخ مەحمود، دایە، کە لە سولالەی ساداتی نەهریە و لە ۱۳۳۴ی مانگی بە دەسی روسی تەزاری شەهید کراوە و بەویێەی سەکۆیێ کە ۳ قەبرە و سەریان بە بەردی مەرمەر، دا پۆشراوە (بەها) دیوانی شیعری بە کوردی و فارسی هەیە (بڕوانە سەرچاوەی بەرو، هەر ئەوێ و هەروا بڕوانە کتێبی تاریخی مەشاهیر کورد، عورفا، عولەما، ئودەبا و شوعەرا؛ بەرگی ۲ پەرەی ۲۲۲ بابا مەردوخ رۆحانی.

— مەلا ئیبراهیم بن حاج مەلا محەمەد (بەها) بن مەلا سەعیدی گەورە، بن حاج مەلا عەبدولکەریم پیریونس ناودار بە شیرازی کە مەلا ئیبراهیم لە رۆژی هەینی ۱۱/۳ /۱۳۳۷ی هەتاوی و ۱۹۵۸ی زایینی لە ۶۸ ساڵیدا لە شاری مەهاباد، وەفاتی کردوە و لە تاقەداری مەهاباد ـ ی موکری نێژراوە و چەن شیعری بە زمانی کوردی ئەو بە ناوی مەلا ئیبراهیمی موکری لە کتێبی (پارانەوە) ئامادە کراوی ئامینە عەزیزی چاپی ۱۳۸۰ی هەتاوی پەرەی ۲۹ و... لە چاپ دراوە.

— حاجی مەلا ئەحمەد (عارف) بن مەلا سەعیدی گەورە، بن حاجی مەلا عەبدولکەریم پیریونس ناودار بە شیرازی کە لە ساڵی ۱۳۱۰ی مانگی لە مەککە بە نە خۆشی وەبا (: زگچون) وەفاتی کردوە و لە (جنّت‌المعلی شعب نور) نێژراوە و دیوانی شیعری بە کوردی و فارسی هەیە (بڕوانە دەسخەتی سەفەرنامەی حەجی حاجی سەلیمخانی بەگزادەی تیکانتەپەی لای شاری بۆکان و ژمارەی ۱۶ کتێبی مێژوی ئەدەبی کوردی عەلائەدین سەجادی چاپی بەغدا و هەروا بڕوانە کتێبی پارسی گویان ـ نوسراوی عەبدو حەمید حیرەت سەجادی سنەیی چاپی ۱۳۷۵ ی هەتاوی و کتێبی ویژە و ویژەوانی نوسراوی صەدیق بورەکەیی چاپی ۱۳۷۰ ـ مەلا سەعیدبن مەلا ئیبراهیم بن حاجی خەلیفە مەلا محەمەد (بەها) بن مەلا سەعیدی گەورە بن حاجی مەلا عەبدولکەریم پیریونس ناودار بە شیرازی کە لە ۱۳۱۱ی هەتاوی و ۱۹۳۳ ز ـ لە دایک بووە و لە خولەکی ۱۰ی شەوی هەینی لە ۱۴ی خاکەلیوە (نۆسان) ی ۱۳۸۳ی هەتاوی و ۱۱

Dr.Saleh Ebrahimi



سەفەری ۱۴۲۵ مانگی و ۲ی ئاوریلی ۲۰۰۴ زاینی لە شاری بۆکان وەفاتی کردوە ونێژ راوەوکتێبی گەشتێ لە عولومی بەلاغەی بە کوردی چاپی ۱۳۶۴ و کتێبی قارەمانانی کورد، چاپی ۱۳۸۲ بە زمانی کوردی و کتێبی ئاشنایی با (تحولات اسلام)ی چاپی ۱۳۶۲ی هەتاوی بە فارسی و... نوسیوە.

—— (شەپۆل) دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیمی بن مەلا ئیبراهیم بن عارفی رەببانی حاجی خەلیفە مەلا محەمەد بن مەلا سەعیدی گەورەبن حاجی مەلا عەبدولکەریم پیریونس ناودار بە شیرازی کە لە ۱۳۱۲/۴/۳ ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لە دایک بووە و تاوی دایکی زیبدە قەدەم خێرە و لە تایفەی شێخ سمایل گەڵباغی یەو (شەپۆل) قورئانی بە کوردی تەرجەمە کردوە و لە ۱۳۷۶ ی هەتاوی لە چاپ دراوە و تائێستا زیاتر لە ۵۰ هەزار نوسخەی لێ بلاوکراوە تەوە و هەروا پێنج بەرگی کتێب بە ناوی کۆمەڵەو تارێ (وارگەو ناودارانی کورد، راپەرینی مەلیک غازی شیخ عوبەیدیلای نەهری و... لە چاپ داوە و باپیری (شەپۆل) نوسیویەتی (شەپۆل) لە ۲۷ مانگی جودەی (بە فرانبار: دیسامبر) ساڵ ۱۳۴۷ی مانگی لە دایک بووە.

—— دامەزریتەری حوکومەتی شوانکارە ئەمیر فەزلەوەیهە، کە کوری عەلی بن حەسەنی ئەیوبی بووە، حوکومەتی شوانکارە ساڵی لە ۴۲۱ی مانگی و ریکەوتی ۱۳۰۵ ی زاینی دامەزراوە و تا ساڵی ۷۵۶ی مانگی و ۱۳۵۵ی زاینی هەر بەردەوام بووە، کۆیەی ماموستا جەمیل روژ بەیانی بە کوردی و کورد و کوردستانی ئەمین زەکی تەرجەمەی محەمەد عەلی عەونی، چاپی بەغدا، پەرەی ۱۳۷-نەقڵ لە کۆبەی شەرەفنامە بە کوردی پەرەی ۶۴ چاپی ۲ ساڵی ۱۹۸۱ ز - ئۆفسێتی چاپخانەی جەواهیری، تاران.

۱۲۲۷ (زیحەجە) تێشکانی عەبباس میرزا لە شەری لەگەڵ روسەکان.

—— (مانگیسەفەر) پەیماننامەی دورو درێژی نێوان ئێرانو ئینگلیس (:۱۲مارسی ۱۸۱۲ز).

—— تێشکان و کەوتنی ناپلئۆن.

۱۲۲۸ سەرەتای ئیرشادی شێخ عوسمان سیراجەدین خەلیفەی مەولانا خالید نەخشبەندی.

۱۲۲۹ سەفەری ئەبو حەسەنخان شیرازی بۆ روسیە.

Dr.Saleh Ebrahimi



ــــ (مانگی زیحەجە) مۆروواژۆکردنی عەهدنامەی ئیسلامی و قەتعی ئێران و ئینگلیس (: ٢٥ نوامبری ١٨١٤ ز).

ــــ لە دایک بوونی عەبدولقادر بن رۆستەم بابانی، نوسەری کتێبی سییە رولئە کراد

ــــ داگیر کردنی مولٚک و زەوی‌و زارە پڕپیت و باشەکانی‌کوردستانی سنە لە لایەن ئەمانەللاٚخان.

ــــ لە دایک‌بونی سەی یاقوبی بن سەی وەیس ئەهلی قەمشەی ماهی دەشتی، شاعیر کورد لە ١٢٢٨ی مانگی لەدایک بووە و لە ١٣٠١ یا ١٣٣٤ مردوە.

ــــ مارە کردنی (سەروناز خانم) حەرەمی فەتالیشا لەلایەن ئەمانەللاٚخان.

١٢٣٠ ناردنی ٥ زانینخواز، دەسەی ٢ بۆ ولاٚتی ئینگلیس (میرزا صالح و...)

ــــ شکایەت لە دەس زولٚم و زۆری ئەمانەللاٚخان لە دەرباری قاجار تا لە سەر حوکم لایبا تالەوەزیاتر زولٚم لە خەلٚکی نەکا.

ــــ بەئاکام نەگەیشتنی راپەڕین بە رابەری سەید مەحمود زەکی، وەکیلەکان و محەمەداغا نازر (با پیری مەستورەخانم)

ــــ شای قاجار داوای لە ئەمانەللاخان کرد تا ئاشتی بکەن و لەگەلٚ یەکدا بسازێن.

ــــ شەهید بوونی سەید مەحمود زەکی وکوڕەکەی لە نێوغاری کەرەفتو.

ــــ راپەرینی (محەمەد حەسەنخان) کوڕەگەورەی ئەمانەللاٚخان.

١٢٣٢ کوژرانی پێشەوای دەسەی ئیسماعیلیە.

ــــ چاپی سی‌پارەی جیهاد یە: فتواکانی ئاخوندو مەلاکان، بۆ جەنگ لەگەلٚ روس.

ــــ دامەزراندنی یەکەم دەسگای چاپی حروفی (پیتی) لە شاری تەورێز.

١٢٣٢ دانی پلەی سەدارەت بە حاجی محەمەد حەسەنخانی ئیسفەهانی (نیزام دەولە)

ــــ (رەمەزان) مردنی میرزا شەفیع مازندەرانی صەدر ئەعزەم

ــــ وەفاتی عەللامە شێخ محەمەد قەسیم لە سالٚی ١٢٣٦ ی مانگی، کە مەولانا خالید شارەزوری لە سالٚی ١٢١٣ ئیجازەی لە سنەلای ئەم زانایە وەرگرتووە.

١٢٣٥ (سەفەر) گەرانەوەی هەر ٥ زانینخوازەکان بۆئێران

ــــ دژایەتی کردنی عەبدورەحمان پاشای بابان لەگەلٚ محەمەد عەلی میرزا

ــــ رو، وەرگەڕاندنی عەبدوللاٚپاشا بابان لە بەغدا و پەنا بردن بۆ محەمەد عەلی میرزا (حاکمی کرماشان).

Dr.Saleh Ebrahimi



—— مردنی عەبدوڕەحمان پاشای بابان لە ١٢٢٨ی مانگی وجێی نشینی مەحمود پاشا
١٢٣٦ (زیحەجە) دەس پێکردنی شەڕ لە نیوان ئێران و عوسمانی
—— وەفاتی شێخ محەمەد سەعید (دەرس بێژی دارولئیحسانی سنە لە ٨٠یا ٨٢ سالّیدا
—— هێرشی مەحمود پاشای بابان بوّسەر خاکی ئەردەلاّن
—— داگیر کردنی خاکی بابان لە ١٢٦٦ی مانکی بەیارمەتی عوسمانی لەلایەن ئەمانەللاّخان دوەم والی و بلاّو بونەوەی نەخوّشی وە با (: زگ چوون) لە نێو سپاکەی‌دا.
—— هێرشی جافەکان بوّ سەر حاکمانی ئەردەلاّن بە دنەدانی مەحمود پاشا
—— تەمێ کردنی مەحمود پاشا لە لایەن ئەمانەللاّخان والی و ئابلّوقەدانی هەمەلایەنەو تێشکانی ئەوان و تالاّن کردنی شاری سلێمانی لە لایەن ئەمانەللاّخان.
—— مارە کردنی جیهان خانم بوّ خوسرەوخان کوڕی ئەمانەللاّخان
١٢٣٧ (زیقەعیدە) مردنی میرزا بوزورگ قایم مەقام و کوڕەکەی (میرزا ئەبو قاسم) کرایە وەزیری عەبباس میرزا.
—— حەزرەتی سەیید تاها ـ ی نەهری شاهی شەمزین لە **خومارولّە** سالّی ٢٠٢ ١ی مانگی لە دایک بووە ولە ٥ شابانی سالّی ١٢٦٩ مانگی لە نەهری وەفاتی کردوە و نێژراوە و خەلیفەی مەولانا خالید نەخشبەندی، پیرو دەسگیری محەمەد شای قاجار، کە هەم مەولانا خالیدو هەم بنە مالّەی ساداتی نەهری **کوردایەتیان کردوە.**
١٢٣٨ (زیقەعیدە)گرێدانی عەهدنامەی ئێران و عوسمانی لە ئەرزەنەتو روّم.
—— مردنی مەلیک شوعەرا فەتحعەلیخان صەبا
—— مردنی محەمەد حەسەنخان ئەردەلاّن و سەرکوت کردنی راپەڕینی ئەو.
—— مردنی دەسەیێ لە ئەعیان و ئەشرافی سنە.
—— مەلیک غازی شیخ عوبەیدیلای نەهری شاهری شەمزین لە (لەالغریب کە بە حیسابی ئەبجەد، دەکاتە ١٢٤٣ ی مانگی و ٨٧٨ ز ـ لە دایک بووە و لە ١٨٨٣ ز ـ لە تایف وەفاتی کردوە.
—— (رەبیعی ٢) ئیسلاح و موّر و واژوّکردنی عەهدنامەی ئەرزەنەتو روّم لە تاران.
—— لە دایکبونی رەزا قولیخان ئەردەلاّن کوڕی خوسرەوخان و حوسن جیهان خانم.

Dr.Saleh Ebrahimi



—— مردنی خورەم (میرزا فەتحوللاّ خەلەفی میرزا عەبدوللاّ وەزیری و شاعیر لە سالی ١٢٣٩ ی کە لە قەسیدەی خوێدا بە فارسی مێژوی مزگەوت و دارالاحسانِ ـ ی شاری سنەی دیاری کردوە و ئەو قەسیدە بەخەتیّ فرە جوان لەبان بە ردە کانی هەیوانی روژهەلاّتی مزگەوتە کە. هەلّکەنراوە (شەپۆل)

١٢٤٠ مردنی سەدر ئەعزەم ـ ی ئێران حەسەنخان صەدروللاّ ئیسفەهانی

—— دامەزراندنی یەکەمین کارخانەی چاپی سەنگی لە شاری تەوریز.

—— وەفانی ئەمانەللاّخانی گەورە (لەدایک بون ١١٨٠) جیّ نشینی خوسرەوخان والی.

—— لە دایک بونی حاجی قادر کۆیّ شاعیری نیشتمانی و بیروردی کورد لە سالّی ١٢٣٧ی مانگی

—— بلاّو بوونەوەی وەبا (زگ‌چوون) و تاعون لەسنەو مردنی ٨ تا ٩ هەزار کەس.

—— قات و قڕی وگرانی ودابەش کردنی گەنم و خۆراک لە نێو خەلّکی کوردستان لە لایەن خوسرەوخان والی.

١٢٤١ (زیقەعیدە) فتوای دەسەجەمعی روحانیەکان بۆ جیهاد لەگەل هێرشکارانی روس

—— دەس پێکردنی شەڕی روس و ئێران لە (٢٨ ژوئیەی ١٨٢٦ ز).

—— راپەڕینی حەیدەر سولّتانی هەورامانی و محەمەد سولّتان هەورامانی بە دژی خوسرەوخان والی.

١٢٤٢ (سەفەر) گرتنی گەنجە بە دەس روس و تێشکانی دەولەتی ئێران

—— حەزرەتی مەولانا خالید نەخشبەندی مورشیدی تەریقەت لە ١١٩٣ی مانگی لە دایک بووە و لە شەوی هەینی ١٤ زیقەعیدە لە سالّی ١٢٤٢ی مانگی بە نەخۆشی تاعون لە شاری دیمەشق وەفاتی کردوە و لە وێش نێژراوە.

—— دەمە قڕەو شەر و شۆڕ لە نێوان مەحمود پاشا و سلێمان پاشای براکەی‌دا لە ١٢٢٨ی مانگی دوای وەفاتی عەبدورەحمان بابان تا سالّی ١٢٤٩ی مانگی و سلیمان پاشای بابان لە ١٢٥٤ی مانگی مردوە.

—— خۆدەرباز کردنی مەحمود پاشا و پەناهێنان بۆ دەرباری ئێران.

—— لەبان تەخت دانیشتنی مەحمود پاشا بە یارمەتی دانی خوسرەخانی ئەردەلاّن و بلاّو بوونەوەی نەخۆشی لە نێوسپای والی.

١٢٤٣ (شەعبان) گرێدانی عەهدنامەی تورکومانچای و دوایی هاتنی شەڕی ٢ ی

Dr.Saleh Ebrahimi



دەوڵەتی ئێران و روس لە (١٠ فەوریەی ١٨٢٨ ز).

١٢٤٢ مردنی نیشات شاعیر.

—— گەرانەوەی محەمەد بەگ و مستەفا بەگ کورانی فەتحعەلی بەگ دوای ٢٨ ساڵ.

—— راپەرینی وەکیلیەکان وئەبو حەسەن بەگ (باوکی مەستورە خانم)

—— زیندانی کرانی وەکیلیەکان: محەمەداغا نازر، ئەبو حەسەن بەگ و مامی مەستورەخانم.

—— کوژرانی وەکیلیەکان.

—— ئاشت بوونەوەی بنەماڵەی ئەردەلاّن لەگەڵ قادر ـی یەکان و مارەکردنی ماه شەرەفخانم (: مەستورە) لە تەمەنی ٢٤ ساڵیدا لە ١٢٤٤ مانگی و ١٨٢٨ ـ ١٨٢٩ ز ـ بۆ خوسرەوخان.

١٢٤٥ سەرەتای پێوەندی دیپلۆماتیک ـی ئێران و روس.

١٢٤٦ (بەهار) تاعونی گەورە و بلاّو بوونەوەی تاعون لە سنە و مردنی ٨ تا ٩ هەزار کەس

—— خاڵی بونی شار و رویشتنی والی بۆکێوی ئابیدەر.

—— میری رەواندز میری گەورە لە ١١٨٩ یا ١١٨٨ لە رەواندز لە دایک بووە و لە ١٢٤٩ی مانگی چوّتەسەر ناچەی بادینان: (ئاکرێ) و لە ١٢٥٠ هێرشی بردوّتە سەر خاکی ئێزەدی یەکان و ...

—— سەرکوتکردنی میریرەواندز و ستاندنی غەرامەت لەو لە لایەن خوسروخان والی.

—— راپەرینی بارام بەگلە جوانرۆ و سەرکوت کردن و توّڵە، لەو ئەستاندن.

١٢٤٧ خۆ دەرباز کردنی مەحمود پاشای بابان لە دەس سلێمان پاشای برای و پەناهێنانی بۆ لای خوسرەوخانی والی و لەسەر دانانی ئەو لەبان تەختی حوکومەت کردن.

١٢٤٨ بەخشینی قەتعەی وێنەی ئیمتیازی تایبەتی دەوڵەتی، بە خوسرەوخان ئەردەلاّن

١٢٤٩ (موحەرەم) بزاوی عەبباس میرزا بۆ هەرات.

—— (جە مادی ١) مردنی عەبباس میرزا لە خۆسراسان

—— (زیقەعیدە) هاتنی خاوەن پلە و پایەکانی ئینگلیس بۆفێرکردنی سەربازانی ئازربایجانی

—— نوسینی کتیبی لوبب تەواریخ لە لایەن خوسرەوبن محەمەد مەنوچیهر ئەردەلاّن

—— بە دیاری دانی داتەیێ لە لوبب تەواریخ بە کتێبخانەی خوسرەوخان.

١٢٥٠ (سەفەر) میرزا محەمەد میرزا کوڕی عەبباس میرزا کرایە وەلی عەهدی ئێران.

Dr.Saleh Ebrahimi



ـــــ (جومادی ٢) مردنی فەتالیشا لە سەفەر بۆ ئیسفەهان.
ـــــ (لا مانگی رەجەب) دانیشتنی محەمەد شای قاجار لە تەوریز.
ـــــ (١٢ی شابان) هاتنی محەمەدشا بۆ تاران و تاج لە سەرنان.
ـــــ (مردنی میرزا ئەبو قاسم مەروەزی) روداوەنوس.
ـــــ مردنی خوسرەوخانی ناکام و جێ نشینی رەزا قولیخان لە ١٢٥٠ی مانگیدا.
ـــــ نوسینی فەرمانی حوکومەت بە ناوی میرزا فەرەجوللا ـ ی وەزیر.
ـــــ هێرشی ئەردەشێر میرزا بۆ داگیر کردنی ئەمیرنشینی سنە.
ـــــ (زستان) دانانی بارام میرزا و لادانی محەمەد حوسین میرزا.
١٢٥١ کورژانی میرزا ئەبو قاسم قایم مەقام بە دەستوری محەمەد شای قاجار
ـــــ گەیشتنی حاجی میرزا ئاغاسی بە صەدارەتی ئێران
ـــــ (رەمەزان) راپەرینی محەمەد صادق‌خان، کە تەمای حوکومەتی کوردستان هەبوو.
ـــــ بە دفەری کردنی وەزیران و بیر خستنەوەی زولّمی والی لەگەلّ خەلّکی کوردستان؛ سنە
ـــــ رێ و رەسمی خوازبێنی کردنی تو با خانم بۆرەزا قولیخان.
١٢٥٢ دەورەدانی قەلاّی هەرات
ـــــ گویزتنەوەی توبا خانم بۆ رەزا قولیخان ئەردەلان.
ـــــ بانگ کردنی سپای کوردستان بۆ چوونی داگیر کردنی هەرات لەگەلّشا (بە فەرماندەیی ئەجەفقولیخان)
ـــــ (زیحەجە) ئیعتیرازی بالوێزی ئینگلیس و گەرانەوە لە هەراتەوە بۆ مەشهەد و تاران.
ـــــ پاشە کشە لە هەرات و قەبولّ کردنی ویستی بەریتانیا.
ـــــ بەسیجی هێزی سوارە بۆ شەر لە هەرات بە سەرکردەیی نەجەفقولیخان
١٢٥٤ هاتنی کەشتیە شەرکە رەکانی ئینگلیس بۆکەنداوی فارس.
ـــــ شکایەتی ئێران لە دەس تێ وەردانی ئینگلیس لە کاروباری نێوخۆی و لاّتی ئێرانی.
ـــــ مردنی میرزا محەمەد فازلیخانی گەروسی
ـــــ مردنی سلیمان پاشا
١٢٥٥ لە دایک بوونی شیخ عومەر، زیائەدین (وەفات ١٣١٨ مانگی).
ـــــ دژی و قرە قرلە نێوان میرزا هیدایەتوللا و میرزا فەرەجوللا و دوبەرە کایەتی لە

Dr.Saleh Ebrahimi



نێوان خەڵکی دا.

ـــــ سەفەری محەمەدشا بوّ هاوینە هەواری ئەلوەندو حازر کردنی والی و والیە و دارو دەسەی ئەوان و بانگ کردنیان بوّ ئاشتی و سازان پێکەوە.

ـــــ کشانەوەی وەزیر لە کارو سپاردنی کاروبار بە میرزا جەعفەر ئەمین.

١٢٥٦ (رەجەب) محەمەد صادقخان کوڕی ئەمانەللاّخان و حوکومەتی ١٣ خولەکی ئەو.

ـــــ مردنی سولّتان خانم خوشکی خوسرەوخانی ناکام.

ـــــ (: صەدارەت) بوّ میرزا جەعفەر ئەمین.

١٢٥٧ (رەمەزان)گرێدانی عەهدنامەی بازرگانی ئێران و ئینگلیس.

ـــــ پشت کردنی مەحمود پاشای بابان لە عوسمانی و پەناهێنان بوّلای ئەمیرانی ئەردەلاّن و داوا کردنی یارمەتی دانی بوّ ئەوە تا جارێ‌تر بچێتەوە بان تەختی پاشایی.

ـــــ (زمستان) روّیشتن بوّ تاران و یارمەتی ویستن لە شای قاجار بوّ رزگار کردنی خاکی بایان

ـــــ بە رز بوونەوەی دژایەتی لە نێوان والی و والیە.

ـــــ کارشکێنی والیە و میرزا جەعفەر ئەمین بوّ تێشکانی سپای والی.

ـــــ (١٠ی رەبیعی ١) تێشکانی رەزا قولیخان لە شەڕ لەگەڵ عەبدوللاّ پاشای بابان و لە کارنەزانی وەزیر.

ـــــ لابردنی رەزا قولیخان و چوونی میرزا هیدایەتوللاّ ئەمین تا بیێتە حاکمی کوردستان.

ـــــ کوژرانی عەبدولمەجید خەلەفی میرزا فەرەجوللاّ کوڕ، مامی ئەمین (دەمراست و وەیسی): موشیر و موشاویری والی

ـــــ حازر کردنی والی (رەزاقولیخان و دارو دەسەکەی و خان کرایە حاکم).

ـــــ عەبباس قولیخان مامی والی بوّ ماوەی سێ مانگ کرایە جێ‌نشینی حاکم.

ـــــ دوای سێ مانگ عەباس قولیخان لادراو محەمەد صادقخان کرایە نائیبی حوکومەت

ـــــ توبا خانم چووە دەربار بوّتکا کردن تا بیکەنەوە نائیبی حوکومەت

ـــــ نوسینی فەرمانی حوکومەت بوّ رەزاقولیخان

١٢٥٨ مردنی حەیران خانم نەخجەوانی (لە دایک بونی ١١٨٩).

ـــــ بەدفەری کردنی صادقخان و میرزا هیدایەت لەگەڵ نەیارانی حوکومەتدا.

ـــــ لە شکرکێشی نەجیب پاشا والی بەغا بوّکەربەلا و کوشت و کوشتاری خەڵکی ئەوێ.

Dr.Saleh Ebrahimi



—— (زیحەجە) سەفەری میرزا تەقیخان ئەمیر نیزام بوٚ ئەرزنە توروٚم بوٚ و تووێژ لە گەلٚ نوێنەرانی عوسمانی
—— (جەمادی ۲) سەرهەلٚدان و بانگ‌وازی سەید عەلی محەمەد ـ ی باب.
—— مردنی خورشید خانم
—— لادانی رەزا قولیخان لە حوکومەتی ئەردەلان بوٚ ماوەی ۵ مانگ (رەجەب) هاتنەوەی ئەمانەللاخان بوٚکوردستان
—— مردنی میرزا هیدایەت لە کاتی گەرانەوە بوٚگوندی ئیشتیهارد. ناردنی نامەی توٚبا خانم بوٚ حاجی ئاغاسی.
—— (زیقەعیدە)گەرانەوەی رەزا قولیخان لە تارانەوە بوٚ سنە.
۱۲٦۲ مردنی میرزا شەفیع و یسالی شیرازی
—— لە دایک بونی روداوە نوس و دانەری کتێبی حەدیقەی ناسری
—— هاتنەوەی ئەمانەللاخان بە خەلات و فەرمانی حوکومەت بوٚ ئەمارەتی ئەردەلان.
—— بە درەفتاری لە گەلٚ دارو دەسەی رەزا قولیخان دا.
—— کوٚچ کردنی ئەمانەللا بەگ بە خانەوادە وە، بوٚ هەورامان
—— هەلٚکشانی ناسازی و بە دەفەری کردنی ژنی ئەمانەللاخان لە گەلٚ توبا خانم
—— توبا خانم لە ئەمانەللاخانی ویست لەوە رزگاری بکا.
—— لە شکرکێشی لە هەورامانەوە، بوٚ حەسەناوا.
—— (شابان) راسپاردنی میرزا رەحیمخان تا توبا خانم بباتە ئیسفەنداوا.
—— رویشتنی توبا خانم بوٚ قەسلان.
—— پەرەسەندنی نەخوٚشی وەبا (زگچون) لە گوندی قەسلان.
—— (شەوال) لادانی ئەمانەللاخانی سانی و دانانی رەزا قولیخان.
—— دەستوری گرتنی دار و دەسەی ئەمانەللاخانی سانی
—— (زیقەعیدە)گەرانەوەی والی بوٚکوردستان: سنە.
—— سزادانی ئەوانە ببونە هوٚی کوژرانی ئەمانەللا بەگی وەکیل، پرسە و سەرەخوٚشی بوٚ وەکیل بوٚ ماوەی سێ روٚژ.
—— ئەسەدوللا بەگ کرایە جێ‌نشینی کورەکەی
—— کوٚچ کردنی حوسین قولیخانی ئەردەلان و نەجەفقولیخان و میرزا فەتتاح بوٚ شارەزور،

Dr.Saleh Ebrahimi



١٢٦٣ گرێدانی عەهدنامەی سنوری ئێران و عوسمانی لە ئەرزەنەتو رۆم

—— سەرهەڵدانی ئاژاوەی محەمەد حەسەنخان سالار لە خۆراسان، هاوکاری نەکردنی رەزا قولیخان لەگەڵ دەربارداد.

—— گرتنی رەزا قولیخان ودانانی خوسرەوخانی ئەرمەنی لەجێ ئەو بە خەلات و بەراتەوە.

—— زیندانی کرانی رەزا قولیخان لە تۆبەخانەی دەولەتی دا.

—— رەوانە کردنی عەلیخان میرزاگوزلو بۆ سەر کوردستانی ئەردەلان بە ۴ عەرابە تۆپ و فەوجێ سەرباز

—— کۆچ کردنی مەستورەخانم لە ساڵی ١٢٦٣ ی مانگی بۆلای بابانەکان لەگەڵ عەبدوللا مونشی (رەوشەن) و مردنی مەستورە خانم لە موحەرەمی ١٢٦۴ مانگی و ١٨۴٧ ز ـ بە نەخۆشی تاعون، کە لە گردی سەیوان نێژراوە.

—— چوونی خوسرەوخانی گورجی بۆ شاری سنە.

—— دەسەیێ فرە لە خەڵکی چوونە مزگەوتی شاو لەوێ دەسیان کرد بەمان گرتن بە دژی خوسرەوخانی ئەرمەنی.

—— سەرنج نەدان بە ویستی محەمەد بەگ ودارکاری کردنی ئەو مرۆیە.

—— (٢ زیحەجە) مردنی حوسین قولیخان (حاوی).

—— سەید هیدایەتوڵلا، هاواری ئەوەی کرد تا بە دادی بگەن و کەوتە، وتو وێژ لەگەڵ حاجی ئاغاسی.

—— تەقالابۆ پڕش و بڵاو کردنی ئەو خەڵکە کە لە مزگەوتی شا، مانیان گرتبو.

١٢٦۴ (موحەرەم) مردنی ماهشەرەفخانم: مەستورە لە ۴۴ ساڵیدا لە ١٢٦۴ مانگیدا، لە شاری سلێمانیو داب و دەستوری ناژتنی لەگردی سەیوان.

—— بەردەوامی نوسینی مێژوی ئەردەلان بە دەسی میرزا عەبدوللا مونشی: (رەونەق) مامی مەستورە خانم.

—— گەراندنەوەی عەلی محەمەد بەگ نوێنەری مانگرتووەکان بۆلای خوسرەوخانی ئەرمەنی

—— ناوبژی کردنی میرزا ئەبولقاسم و حەسەنعەلیخان ئاجودانباشی و بێنەتیجەمانی، هەنگاو هەڵێنانەکانی ئەوان.

—— (٦ شەوال) مردنی محەمەد شای قاجار،

Dr.Saleh Ebrahimi



## ناوی پیرۆزی هەندێ لە وژنەکوردانەی

## خزمەتیان بەزانین و فەرهەنگ کردوە:

ـ خاتو خورشید خانم مەریوانی کچی شێخ مارف کەلوس کە لەسەیدەکانی (تەراتەوەن)ن کە باوکی لەبەر ناسازگاری رۆژگار لەمەریوان باردەکاتە سنەوخاتو خورشید کچی هەربەمندالیێ لە مالیی یەکێ لە خاتونە ناودارەکانی سنە، ژیاوەوهۆی خوێندنی بۆ سازدراوەکەلە ئەدەبیاتی فارسی زۆر ئاگادار بووەو عیلمی صەرف و نەحو و بەیان و مەنتیق و ئەقاید و وێژەی عەرەبیشی خوێندوە، خاتو خورشید خانم کتێبێکی بە فارسی لە بابەت خانەداری و منداڵداری و بارهێنانی منداڵ لە منداڵیەوە تا خۆناسین داناوە، دیوانی شیعریشی هەیەکە چاپ نەکراوە، ئەم کچەکوردە لە زانستی قاڵی و قاڵیچە و تەون کردندا زۆر دەس رەنگینو شارەزابووە، بەتایبەت لە بابەت نەخش و نیگار و ئامادەکردنی رەنگی جیا جیا زۆر ناوبەدەرەوە بووە، نەخش و نیگاری ئەوکچەکوردەئێستاش لەسنە لە کوردستاندا بە (خورشیدی) ناودارە، ئەم ژنە ناودارە خاوەن هونەرە تا دەهەی چوارەمی سەتەی ۱۴ هەم زیندو بووە، ئەمەش برە شیعرێکی ئەم کچە بەزمانی کوردی بە شێوەی سۆرانی کە خاتو خورشید خانم نەصیحەتی (عادیلە) خانمی کچی خۆی پێ کردوە.

### هونە:

کچم! رۆڵەی کزۆڵەی بوردەباریم
چرای روناکی بێ دەستی و هەژاریم

کچم! پارچەی نەژاکاوی زەمانەم
نەتیجەی ئیهتمامی خوێندەواریم

وەرەگوێ راگرە بۆ پەندی دایکت
فەرەح بەخشی دەرونی بێ قەراریم

نەخۆی هەرگیز فریبی سادەرویان
نەبیتە هۆی زیادی شین و زاریم

کچم! هۆشی حیا و ناموسی خوتبێ
نەکەیتکارێ، زیادکەی دەردی کاریم

کچم! هۆشیاری خۆتبە، تاکو مردن
وەکو من بەزرەنگی و هوشیاری

Dr.Saleh Ebrahimi



کچم! واللّه هه‌مو داخی کچانه — نه‌خوشین و کزه‌ی بی ئیختیاریم
نه ته‌نیا وه‌صیه‌تم بۆ تۆیه‌رۆڵه — هه‌واداری کچانی کورده واریم[1]

٢٨ خورشید نه‌ما خانم داواشی، کچی محه‌مه‌د و خوشکی میرزا ئه‌حمه‌د محه‌مه‌د داواشی که‌خانمێک بووه، زۆر ئاگادار و خۆپا رێزو به‌ته‌قوا وله‌سه‌ر رچه‌ی قادری بووه، وه‌کوبراکه‌ی زۆر به‌ئاسانی شیعری کوردی وتووه‌و ده‌سه‌لاّتی جوانی بووه، له ساڵی ١٣٨٥ مانگی دوای ٦٥ ساڵ ژیان وه‌فاتی کرده‌وه.

ئه‌م بره شیعره‌شی له بابه‌ت سه‌ید صه‌فائه‌دین به‌رزنجی هاشمی پیری ده‌ستگیری خۆی به‌کوردی داناوه، ئه‌مه‌ش ئه‌و بره شیعره.

## هۆنه‌ی عارفانه:

به خورشید واته‌ن دایم غه‌مینه‌ن — غه‌مین دوری صفاء الدینه‌ن
یا خودا مه‌رگی نه‌وێنم وه‌چاو — نه‌یژنه‌فم وه‌گوش نه‌یۆینم وه‌خاو
جادار عه‌زیز پیر ئیرشاد بۆ — وه‌کێڵ زینده‌ی غه‌وس بغداد بۆ
ناڵه‌ی مه‌ستانه‌ی ته‌کیه‌ش هه‌ربه‌رزبو — په‌ناگای ده‌روێش ئه‌بدال مه‌رز بۆ
مه‌یخانه‌ی مه‌عنیش هه‌ر به‌رقه‌رار بۆ — باخه‌به‌ر جه‌ئه‌مر له‌یل و نه‌هار بۆ
جه‌لای سینه‌ی سه‌رد گوناباران بۆ — ئوستاد سه‌رمه‌ست رۆزگاران بۆ
زه‌نجیر لوطفش نیان وگه‌رده‌ن — ئه‌هلی و رامم که‌رد تاوه‌رۆی مه‌رده‌ن
به‌ڵکه مجه ئه‌لطاف وێنه‌ی ئه‌وشایێ — رابعه‌ی ده‌وران گوم کرده رایێ
بگنۆ وه سه‌ر رای طاعه‌ت کاری‌دا — به‌ر به‌یۆ جه‌حوکم سه‌نگساری‌دا
بوا چو سه‌رمه‌ست باده‌ی شاکریم — که لب ئاسانه‌ی عبدالقادریم[1]

---

١- الآداب العربية، بێروت، جزمی ٣ لاپه‌ره‌ی ٩٧ ئه‌علام ج ٦- تاریخی مشاهیر کورد ئوستاد بابا مه‌ردۆخ رۆحانی لاپه‌ره‌ی ١٥۴.

---

١- حه‌دیقه‌ی سلطانی له لاپه‌ره‌ی ٢۴٧.

Dr.Saleh Ebrahimi

شەپۆل / ١٣٦

## جیهان ئارا.

**(جیهان ئارا) کچی مەلا نەشئەتی پاوەیی‌یە.**

(جیهان ئارا) ئافرەتێکی جوان و بەشەرەف و رێك و پێك بووە و هەر وەها خوێندەوارێکی باش و شاعێرێکی، پایە بەرز بووە و بە یەکێك لە شاعیرە بەناوبانگەکانی، چەرخی خۆی لە قەڵەم دەردرێ.

(جیهان ئارا) یەکەمجار شووی کردبوو بە کوڕی باوەژنی، کە بەخاتری وەزیفەی کچێکی قاجاریی دەهێنێ و بە هۆی وە زیفەکەیەوە، بۆئازەربایجانی دەنێرێت و بەو بۆنەیەوە، تەڵاقنامە، بۆ (جیهان ئارا) دەنێرێتەوە و بەو بۆنەیەوە، (جیهان ئاراش)، شوو بە (حبیب‌اللەخانی ئێل بەگی جاف ـ ی جوانڕۆیی) دەکات و بەڵام، لەبەر ئەوەی، جیهان ئارا، ئەم شووی دووەمیە، بەدڵی خۆی نەبووە و هەرحەزی لە شووی یەکەمیەو ئەویش ئەمی، بە بۆنەی وەزیفەوە، وازی لێ هێناوە، بەم بۆنەیەوە، ئەم قەسیدەیەی داناوە.

**قەڵەم، دەماخم، ........................**

نەمەندەن، نی‌یەن، بەرزیی دەماخم
زنجیری تەقدیر، کەردەن، یاساخم
کەمکەم، کەردەن، کەم، سۆمای چراخم
پەژمەردەن، غونچەی، گوڵاڵەی باخم
پەرگەندەن، کەلاف خەیاتەی دێزم
نەمەیتەن، نەرگس، شەهلای، خون رێزم
زەردەن، گۆل وەرەق، گۆنای، گوڵنارم
کەساسەن، توحفەی، مایەی، بازارم
تاڵەن، تامی دەم، تاڵاو وەردەکەم

Dr.Saleh Ebrahimi



کاڵەن، ئاهی سەرد، سیای دەردەکەم
لێڵەن، ئاینەی، جامی جەمینم
قەڵاخەن، کاڵای، باڵای، خەمینم
نارەواجەن، لاڵ، دەرجی، یەمانیم
بێ قەڕین گەوهەر، نەقڵی نیهانیم
پەی سەیرەن، سەفای قەوسی قەشەنگم
تۆزی خێڵی خەم، وەشتەن، نە ڕەنگم
تەمام، هەر جە تیر تانەی بەدکاران
مەر هەق، بزانۆ، چوونم، ویاران
ئازیزم، یەگشت، مەینەت باری تۆن
ئێش و نێش و خەم وە زامداری تۆن
جەفای بەدکاران، گشت، جە بۆنەی تۆن
تانەی ئەغیاران، گشت سەرکۆنەی تۆن
خەسرەو و شیرین‌وێڵ، جە سونگی تۆن
مەجنونو لەیلا، ڕیسواری لۆنگی تۆن
سنعان، تا مەحشەر، تەرسا، یاری تۆن
یۆسف، زلێخا، گرفتاری تۆن
ئاغەکەم، فەلەك، چمان، دلڕیشەن
سائەو نمازۆ، گوونای، من چێشەن
ئەرێ، بێ‌خەبەر، بێ‌باك، جە ئەحواڵ
ئەرێ، تیر ئەنداز، وە ڕووی، دانەی لاڵ

ئـــه‌رێ، بـــێ ئـیسـاف، هـیـچ کـه‌س، نـه‌په‌رس
ئـــه‌رێ، ســـاحیب زۆر، جـــه خــودا نـه‌ته‌رس
ئـــــه‌رێ، بـــێ ڕه‌حـــم، وه‌ڵات، چـــه‌پاوکه‌ر
ئـــه‌رێ، تـــه‌ریده‌ی، ســـه‌ر مــله‌ی، خـــه‌ته‌ر
ئـــه‌رێ، شـــه‌و بـێدار، شـه‌وان، جـه زوڵـمات
ئـه‌رێ ئـیقلیم گـیر، پـه‌ی، چـه‌شمه‌ی حـه‌یات
ئـــه‌رێ حـاڵ نـه‌زان، دوور جـه، وه‌فـا و مـه‌یل
ئـــه‌رێ، شـــه‌ڕ فـرۆش، هـوونی قـه‌تڵی له‌یـل
تـــاکـــه‌ی، تـــۆ چـــه‌نی، بـــه‌ختم، نـاسازیی
تـاکـه‌ی، هـای نـه شـۆن، ڕای، بـه‌دمه‌جازیی
تـــاکـــه‌ی، بـــنۆشۆ، زۆخـــی، زامـی جـه‌رگ
تـــاکـــه‌ی، بـواچـوو، ئـه‌ی خـودا، سـامه‌رگ
تـــاکـــه‌ی، پـێچ وه‌رۆ، چـوون، مـاری زامـدار
تـــاکـــه‌ی، بکـــێشۆ، ســزای، ســه‌ختی خـار
تـــاکـــه‌ی، ئـــه‌سرینم، ئـــاوپاشی خـاك بـۆ!
تـــاکـــه‌ی، هـــه‌ناسه‌م، پـه‌خشی ئـه‌فلاك بـۆ!
تـــاکـــه‌ی، ده‌روونـــم، جـــه ئـه‌ندۆ پـه‌ڕ بـۆ!
تـــاکـــه‌ی، بـــاڵینم، وه هـــووناو، تـــه‌ڕ، بـۆ!
تـــاکـــه‌ی، له‌ره‌م بـــه‌ی، چـــه‌نی پـــه‌ژاران!
تـــاکـــه‌ی، خـــزمه‌تکه‌م، مـن وه خـونخواران

Dr.Saleh Ebrahimi



تـــاكـــەی، بـــواچـــان، وە دەشت وە دەردا!

تـــافتەی ڕیســـوائـــییش، كـــێشتەن وە ســـەردا

تـــۆ خـــودا، زەلیـــلـی و زگـــاریی، تـــا چـــەند!

تـــو خـــودا، خـــەمینی و خـــەمباریی، تـــا چـــەند!

وێـــنەی مارانگـــاز بـــن تـــەڵووك تـــاچەند!

بـــیم، جـــەخشپەی دەنگ پـــای مەزووك تاچەند!!

هـــورسای خـــەیاڵ، دیـــقی دڵ تـــا چـــەند!

تـــەمای گـــوشادیی، جـــە مـــوشكیل تـــاچەند!

وەســـوەسەی دەروون، نـــیمە شـــۆ، تـــاچەند!

جـــەنگی چـــەم، تـــا سوبح، چەنی خەو تـــاچەند!

گـــونای گـــوڵناری، چـــون خـــەزان تـــا چـــەند!

دەرد، جـــەدەستی یـــار، حـــاڵ نـــەزان تـــاچەند!

بـــاری مـــەینەتان، كـــێشاكـــێش، تـــاچەند!

خـــەجاڵەتی خـــێڵ، قـــەوم و خـــۆیش، تـــاچەند!

ئـــەو جـــامی ئـــازار، وە تـــەبیب تـــاچەند!

عـــوزری، نـــامەسمووع، پـــەی ڕەقـــیب تـــاچەند!

پـــا نـــە خـــەلیلی و نـــەزەنجیر تـــاچەند!

پـــەنا وە بـــارگەی، شـــێخ و پـــیر تـــاچەند!

فـــەڵەك چـــەنی دۆس، جـــیایی، تـــا چـــەند!

پـــەی شكـــلی ڕەقـــیب، ریـــایی، تـــاچەند!

خـــوداوەنـــد، ئـــامان، وەســـەن، دەردیســـەر

یـــا، نـــەجات، یـــا، مـــەرگ، یـــا، وەســـڵی دوڵبەر

نه‌مه‌نده‌ن تاقه‌ت، ته‌وانای، تانه
جه‌ی، فیشته‌ر، غه‌زاب، په‌نه‌م‌مه‌نمانه
ئه‌رێ؛ که‌ره‌مدار، ئاگای کۆلی حاڵ
تو، وێت، عه‌لیمی، ها، بیم، وه زوخاڵ
خو من‌جه سه‌نگ نیم شای‌موشکیل‌گوشاد
جه ڕووی مه‌رحه‌مه‌ت، بیاوه‌م وه، داد
جه خه‌زانه‌ی غه‌یب تۆ چێش مه‌بۆ که‌م!
په‌روانه شاد بۆ شاد وه شۆڵه‌ی شه‌م
بۆڵبوڵ نه‌کێشو، هه‌ی جه‌فای خار!
بێ خه‌وف بگێڵۆ په‌ی وێش نه گوڵزار
یاری ئازیزم، شای تیر ئه‌ندازان
سه‌رداری سوپا، گه‌رده‌ن فرازان
دیسان سه‌وگه‌ندم وه ڕوتبه‌ی خاسان
هه‌ر جه‌و وه‌خته‌وه من وێم شناسان
ده‌روونم جه عه‌شق بالآت قه‌قنه‌س بێ
ڕۆحم چه‌نی ڕۆح پاکت په‌یوه‌س بێ
تا به ڕووی مه‌رده‌ن یه‌ك لاو یه‌ك دینم
بزانه گیانم گیانی شیرینم
هۆشم، هه‌راسان، باده‌ی سافی تۆن!
خه‌یاڵم دایم ته‌لگرافی تۆن!

Dr.Saleh Ebrahimi



حەواسم جە سەر تەفرەقەی ڕای تۆن
زیندەگیی و مەرگم ئاماو لوای تۆن
ماوام گەرمەسێر ئەگەر لەیلاخەن
دەماخم وە بۆی هەوای تۆ چاخەن
نە مایل وە زەوق نە عەیش و شادیی
زەوقم هەر تۆنی جەی دنیای بادیی
غەیر جە شێوەی تۆ وەبانی گوڵ دا
ویەردەن تا پەڕ نە باغچەی گوڵ دا
هەنی جە مەخلووق تا بە ڕووی مەردەن
شەماڵ هەم جە خەو گوزەر نەکەردەن
قەسەم هەر بەوشای فەردی فەریاد ڕەس
سیوای تۆ کەسم نەزانان وە کەس
غەیر جە تۆ کەسم وە کەس نەوانان
وە یادت قەسەم شانویی جوانان
تۆنی ئازیزم تۆنی غەمخوارم
هەر تۆنی یاگەی گشت قەوم و کارم
هەر با جە عالەم واچان بێ کەسەن
مەیلی تۆم تەنخوار گشت کەسم وەسەن
دیدەم غەیر جە تۆ بالادەس نی یەن
قەلبم ئامێتەی مەیلی کەس نی یەن
سەرو گیان نەڕات تۆفەیلم کەردەن

سه‌وگه‌ند هه‌ر ئه‌وه‌ن په‌رێ تۆم وه‌رده‌ن
قه‌سه‌م هه‌ر به‌وشه‌رت ئیقراری جاران
به‌و وه‌فای قه‌دیم گشت به‌ینه‌ت داران
تا نه‌فه‌س به‌نده‌ن نه یانه‌ی قه‌فه‌س
سیوای تۆ دیده‌م شاد نه‌یۆن وه‌که‌س
تا خاس وێم نه‌که‌م ڕیسوای زه‌مانه
نه‌بوون وه سه‌رژان خوێش و بێگانه
تا شکست نه‌ده‌م وه شای جوانیم
دنیا په‌ڕ نه‌بۆ گشت جه نادانیم
تا مینای خاتر نه ڕێز و.وه گڵ
شه‌رته‌ن مه‌یلی تۆ به‌ر نه‌شۆ جه دڵ
تا ئه‌لفی بالاّم وێنه‌ی (نوون) نه‌بۆ!
تا مۆمی ئه‌عزام گشت وه هوون نه‌بۆ
تا دیده‌م وه‌ئاو مروار ته‌ڕ نه‌بۆ!
تالا گۆشم جه سه‌مع ته‌مام که‌ڕ نه‌بۆ!
تا زوان نه ده‌م له‌نگی لاڵ نه‌بۆ!
تا ئه‌عزای به‌ده‌ن گشت به‌تاڵ نه‌بۆ!
تا چراخی ڕۆح خاس نه‌بۆ خامۆش!
شه‌رته‌ن مه‌یڵه‌که‌ت نه‌که‌م فه‌رامۆش!
هه‌ر وێم مه‌زانو دڵ چه ده‌ردشه‌ن
به‌لاّم، په‌رێ تۆ فایده‌ش چێشه‌ن!

Dr.Saleh Ebrahimi



من پەی تۆ، وستەن وێم وە چەمەردا
تانەم چون سەرپۆش کێشان وە سەردا
پەی تۆ وێم کەردەن وە پەندی شاران
مەحرووم جە دیدار بەرزی کۆساران
پەی تۆ دەروونم پەڕێش و خارەن
سەد کۆ چون شاهۆ خەم وەنەم بارەن
پەی تۆ خەم گەڵای جوانیم بەردەن
پەی تۆ وەهارم خەزانش کەردەن
پەی تۆ وێم کەردەن دەێری دێوانە
پەی تۆ پا بەندم جە مەینەتخانە
پەی تۆ کێشانم جەوری ئەغیاران
تیرو تانەی تاڵ نا ئەهلی یاران!
من بادەی حەسرەت هیجرانت وەردم
جەفات پەی من بێ سەفات پەی مەردم
تاکەی من جەلات ببوون ڕەنجەڕۆ!
ئای جەکەم شەرتی و بێ وەفایی تۆ!
تا واچی، بەدحاڵ تەڵخەن ژیانم
بینائیم بۆ دەس وەردەر جە گیانم
هەراسم سەندەن جە گێرو گازت
نمەبۆ حاسڵ جەلام نیازت

جەی وەرکێ بیەن یاری دڵدارت
دیسان هەر ئەوەن شەفای ئازارت
خەدەنگی غەمزەی کام میهرو بەردت
هەم بشۆ وەلاش پەی دەوای دەردت
جە یانەی خاڵی ئێمەت چەکارەن
دنیا پەی تۆ گشت مینا بازارەن
ئەو هەر کۆ بدیۆ سازت پەڕ سۆزەن
دایم نە دەوران جەژنت پیرۆزەن
من کە خۆ جەژنم جەژنانەم خارەن
سەفای نەورۆزم چون ژەهری مارەن
ئەرێ بێ مروەت بێ ئەندێش جە تیر!
ئەرێ بێ باوەڕ دوور جە خوداو پیر!
تاکەی حەرفی تاڵ مدەری نە ڕووم!
کێ زانووش، نیان وەبانی زانووم!
تاکەی مەکەریم وە چەشتەی ماران!
وە پوولی سیای نارەوای شاران!
ئاخر ئەرگەنجەن ئەر ڕەنجەن بارم!
کێ بۆ غەیر جە وێت وە خرێدارم!
قیبلە حەیفەت کەرد، جە من ویەردی
خەیاڵی وەی تەور نەدڵ ئاوەردی

Dr.Saleh Ebrahimi



ڕوئی سەد بدەیم وەدڵ شماریی
مەبۆ یەك نێکیم وە چەم بداریی
وێم ئەر ناخاسم دەروونم خاسەن
دڵ جە بارەگات ساحیب ئیخلاسەن
مەبۆ نەواچی وەفا و بەیتش کۆن
ڕۆشنی دنیام پەی وجوودی تۆن
بەڵام بۆ وە عەشق بینای بانی سەر
جە ئەسپی مەتڵەب لادەی پەیابەر
ئەو ئەسپە چەند کەس هورداران بەوار
چەندسەر وە مەیدان کەردەن نگوونسار
چەند ئۆستادی عیلم کەردەن وە ناشیی
چەند وەزنش کەردەن وە مووشی کاشیی
من جە عومری وێم نەی دنیای فانی
پام نیان وەبان ڕاگەی نادانی
چەتەر ناموسم جە سەر ئەفراشتەن
پەردەی عیسمەتم هەر نیگاداشتەن
بەرزمەکەر جەلام سەدای نام و نەنگ
شیشەی مەعسوومیم مەدەر وە ڕووی سەنگ
نە خودا بەردار نە بەندە ڕازیی
نە فتوای شەرعەن نە حوکمی قازیی

فیدات بام پەی چێش پەشیمانت بەرد
چەند سووگەندت وەرد چەندجارعەهدت‌کەرد
ئەر ببۆ جەلات ساتێ وە ساڵێ
وە بێ ڕەزای من نەکەی خەیاڵێ
ئیسە یە چیشەن ئەرێ بێ وادە
ئی خەم و خەیاڵ عەزم و ئیرادە
ئەگەر بزانوو جێم مەبی دڵگیر
ئەگەر نارین ئەگەر زەمهریر
دۆزەخ پەرێ تۆ نەکەم ئیختیار
تا عاجز نەبۆ یاری وەفادار
نەك واچی دەمباز قەوڵش بەتاڵەن
قەسەم هەر بەو فەرد ئاگای کۆڵ حاڵەن
نە ساحیب باخم نە ساحیب میوە
بەخشەش بنۆشەش، بنیشەش لێوە
ئەر باخەن ئەر مۆڵك ئەرگەنجەن‌ئەرماڵ
دەخڵش هەر بە تۆن دارای کەمەر لاڵ
خاترت جەم بۆ دڵ مەدە وە دڵ
پەی تۆ ڕازیان ئی باغچەی پەڕ گوڵ
بێ تاقەت مەبەر شای خەسرەو مەقام

Dr.Saleh Ebrahimi



بە وەسڵی شیرین مەیاویی بە کام
ئیسە نەجای دەس نە وادەی کارەن
نە یاگەی تەدبیر هانا و هاوارەن
پام هانە پاوەند دوو شاخەی زاڵم
مشیا خۆ تۆ خاس زانات بە حاڵم
تەوقی سەد مەنیم شییەن وە گەردەن
سەر تا پا باڵام ئاغشتەی دەردەن
بەڵام سەبەبساز موشکیل گوشاد کەر
پادشای شاهان دەهەندەی داوەر
یەدی قەدرش، جە هانامەوە
خەلاس کەرۆ پام جەپای دامەوە
ئاسان ببۆ کار زەحمەت وەردەمان
نەدریۆ وە باد ڕەنجی بەردەمان
یا ڕجای شەخسیی یا وە تەدبیریی
بگیرین وە دەس دامانی پیریی
غەرەز وە هەر نەوع کاری بسازین
من وتۆ جەبەین، من وتۆ نازین
ئەوسا، شەنی عەیش هەر شەو تا سەحەر
خودا، خوشنوود بۆ بەندە بێ خەتەر
وەر نە خەو لەیلەت ئارامش نییەن
سیوای تۆ پەی کێ، ریسوای عام بییەن!

Dr.Saleh Ebrahimi



داره مرواری: شجرة الدر، ملكة المسلمين

داره مرواری: شجرة الدر، ملکه المسلمین له سه‌ره‌تای قه‌رنی شه‌شه‌می کوّچی دا سپاگه‌لی فه‌له‌و خاچ‌په‌رسته‌کان هه‌ندیّ ولاّتانی ئیسلامی (میسر، شامات و...) یان دابووه به ره‌هیّرش و کوشت و برین وتالاّن و برِو، شاره‌کانیان یه‌کله‌دوای یه‌ک له‌ناوئه‌برد، خه‌لیفه‌ی عه‌باسیش وه‌ک پیره‌ژن ده‌سه‌و ئه‌ژنوّ دانیشتبوو به‌کزو زبوه‌نیه‌وه ئه‌ی نوارِیه ئه‌و شانوّدلّ ته‌زیّنه خویّن ئاوییه‌و کاریّکی له ده‌س نه‌ئه‌هات، له‌و فه‌رته‌نه‌یه‌دا دو سه‌روّکی مه‌زنی کوردستان به‌نیّوی شیّر کوّو ئه‌یوب که‌ نیشتبمانه ئیسلامیه‌کانیان واژاکاو وئالّوزاو دی له‌کوردستانه‌وه‌له‌گه‌لّ هه‌ندیّ له پیّشمه‌رگه‌ی کورد چونه جه‌نگی ئه‌و خاچ‌په‌رستانه و جه‌نگیّ باشیان کرد تا شیّرکوّو ئه‌یو ب کوّچی دوایی‌یان کردو سه روّکایه‌تی له‌شکری ئیسلام که‌ وته ده‌س یوسف سه‌لاّحه‌دین ئه‌یوبی کورِی ئه‌یوب.

سه‌لا حه‌دین له و مروّڤه ناوداره مه زنانه‌ی میّژویی کورده‌که هیّمانیش دوای چه‌ندین سه ده له سه‌ر تاسه ری ئوروپا و جهانا دلّیری و نه به زی و پیاوه‌تی و دلّ ئاوایی و گه‌ل خوّشه‌ویستی ئه‌و پیاوه مه‌زنه و یّردی زمانه.

سه لاحه‌دین زوّر پیاوانه خاچ‌په رسته‌کانی تاراند و ریچارد ـ ی شیّردلّ پاتشای ئینگلیسیشی به دیل گرت و زوّر پیاوانه‌ش ئازادی کرد. ریچارد واهوّگری خوی باش و پیاوه‌تی سه‌لا حه دین ببو، لیّ برِابو خوشکیّ خوّی لیّ ماره‌کات،به‌ لاّم هه‌لاّو هوریای قه‌شه‌کان به‌رگری له‌ وه‌کرد، سه‌لاحه‌دین دوای تاراندن و ده‌رکردنی فه‌له و خاچ په رسته‌کان بووه شای میسر و شامات و ولاّته موسلّمان نشینه‌کان و ده‌سی کرد به ئاوه‌دان کردنه وه‌ی ولاّت و له سالّی ۵۵۹ کوّچی دا، کوّچی دوایی کردو چه ندین سالّ کورِان و نه‌وه‌و نه‌وه‌زاوبنه مالّه‌ی ئه‌و میرایه‌تی ولاّته موسلّمان نشینه کانیان به‌رِیّوه بردوه. تا له سالّی ۶۴۸ نوّبه که‌وته ده‌س داره‌مرواری یا (شجرةالدر) که یه کیّ له نه‌وه‌زاکانی سه‌لاحه‌دین بووه، داره‌مرواری ئافره‌تیّکی کاراو کارزان و هوّزان و دوربین بووه کاتیّ بووه‌ته پاتشا سه‌روّکه کانی سپایی ونیشتمانی بانگ ئه‌کات و قسه‌یان بوّ ئه‌کاو ئه‌یژیّ:

Dr.Saleh Ebrahimi



باپیرم سەلاحەدین ئێوەی لە چنگاڵی فەلەکان ئازادکرد؛ هێمنی و ئاسایشی لە ولاتە موسڵمانەکانا دابین کرد، بەلام هێمان مەترسی هەیە و فەلەکان خۆیان لە تەماڵ داوە ئێستا مرۆڤێکی کارزان لە بنەماڵەی ئێمە دا وەبەر چاو ناکەوێ کە بیکەینە میری خۆمان ئەگەر ئێوەش پیاوێکی واتان پێ شک نایێ من ئامادەم میرایەتی بگرمە دەس و ولات هێدی و هێمن راگرم.

سەرۆکە سپاییەکان و مرۆڤە مەزنەکانی ولات کە لێهاتویی ئەو ژنە ناودارەیان ئەزانی گشتیان بەیعەتیان پێ کرد.

شجرةالدر ناز ناوی ملكةالمسلمینی پێدرا،هەر وەک باوو باپیری خۆی لەتەک خەڵکا هەڵدەستاو دائەنیشت و بەم هۆیەوە دەرباری قاهێرە ئەونەی تر ناوی داخست.

کاتێ روانی کە بە هۆی جەنگەوە خەڵک بە تایبەت جوتیاران و رەشایی دەس تەنگ و بێ ئەنوا بون،فەرمانی دا، باج و شەکە زەکات و ماڵیات لە سەر خەڵک لابەن و هە روا فەرمانی دائەو دانە و یلانەی واله هەمارو سیلوکانایە،بە سەر هەژاراناا، دابەشی کەن، ئەڵێن:

چوار مانگ بودارە مرواری هاتبوە سەرکار،کاتی حەج هات، ئەو یش وەزیرانی خۆی جەم کردوپێی وتن: ئەگەرچی حەجم لە سەرە بەلام هەڵسوڕان وهێدی وهێمن کردنەوەی ولات پێویستە،جا لەبەرئەم دەستورەئەو رو پۆشەی ـ کابە ـ کە لە حەریری رەش چنراوە بیخەنە ناو کە ژاوە زێرینەکەی من و لە گەڵ هە ندێ لە پیاوان و ژنانی شیاو بیبەنە مەککە، رو پۆشەکەی پارەکە تیکە تیکە بکەن بە سەر حاجیانا دابەشیکەن و بەشی منیش بهێننەوە. وە لە لایەن منیشەوە ماڵی خودا بە ئاوی زەمزەم وگولاوبشۆن و رو پۆشە تازەکەی بە سەرا هەڵکێشن وەئەم سەد هەزار دینارە دراوە کە ماڵی خۆمە بیدەن بە هەژارانی مەککە و مەدینە. کاروان لە کاتی خۆیدا کە وتە رێ،دەستورەکانی ئەو یان بە رێوە برد.کاتی گەرانەوەی کاروان،دارە مرواری چووە پێشوازیان و خۆی هەوساری وشترەکەی گرت و بەرەو ماڵ بە پیادە رایی کێشا، لە پاشان دیارییەکانی لەسەرکاروانەوان وەرگرت و خەلات و بەراتی بە گشت کاروانەوانەکان دا ئەمە لە میسرا بوبە باو،وە تاچەن ساڵ بەر لەمە ئەم پێشوازی کردنە لەکاروان بەیادی ئەو ئافرەتەکوردە مەزنە ببوە باو و جێژنیان بۆئەگرت.لەکاتی میری دارەمرواری هەواڵ بە هانری پاتشای فەرانسەوی گەیی کە ئافرەتێ و امیری ئەکاو خەڵیفەی عەباسیش بە دژی وەستاوە ئێستا

Dr.Saleh Ebrahimi



کاتی ئه‌وه‌یه فه له‌کان دوباره هێرش به‌رنه‌وه‌سه‌ر وڵاته موسڵمان نشینه‌کان، له ئاکاما له شکر گه‌لێکی فره له چوار قوڕنه‌ی فه‌رنگه‌وه بۆ داگیر کردنی سه‌رزه‌وی ئیسلام که‌وتنه رێ وبه سه‌دان مالم و قه‌شه‌ش له‌ته‌ک ئه‌وانا هاتن و خه‌ڵکییان بۆ هێرش بردن هان ئه‌دا، که ئه‌شێ گلکۆی حه‌زره‌تی عیسا مه‌سێح له ژێر ده‌س موسڵمانان ده رێنن، ئاشکرایه که له‌و کاته‌دا بیری ئایینی له‌ناو فه‌له‌کانا زۆر بووه‌و ئه‌م چاوو رایه‌ش شوێنی له‌ناو چینی بۆره پیاوانا زۆر بووه تا ئه‌و شوێنه‌ی که کوڕێ زۆر له پیره‌ژنان به ناو بۆ ئه‌و جیهاده ئایینیه به جیا هاتبون، ئه وانه‌ی وانه‌یان توانیبو بێنه جه‌نگ، پاره و دراویان ئه‌دا. ئه‌م له‌شکره زۆره له... داردانیل تێپه ڕیان کردبو و پێیان نابووه ناوئاسیا و چه‌ندین ناوی جه‌نگیش بۆداگیر کردنی له‌نگه‌رگاکانی ئیسلام به‌نێوی زریه‌کانا خولیان ئه‌خوارد، داره‌مرواری کاتێ ئه‌م هه‌واڵانه‌ی زانی بانگه‌وازی کرد و سپایه‌کی زۆری خسته رێ و خۆیشی سواری که‌ژاوه‌ی زێرین بووله کۆشکی «خه‌تات» بۆ به‌رێ خستنیان هاته ده‌رێ و به ده‌یان قورئان خوێنی خۆش ده‌نگ و ئاوازیش له‌م لاولای که‌ژاوه‌ی داره‌مرواری یه‌وه ئه‌ڕۆیشتن وپڕ به ده‌م قورئانیان ئه خوێند و ئه‌و ئایه‌تانه‌ی واله بابه‌ت جیهاد و پاراستنی نیشتیمانه وه بوو‌دو پاتیان ئه‌کرده‌وه‌ ئه‌م کرده‌وه‌ی داره‌مرواری وه‌ها خه‌ڵکی گه‌رم کردبو که هه‌زاران که‌س له‌و موسڵمانانه‌وا سپاییش نه‌بون ده‌سیان دابووه چه‌ک و بۆتاراندنی فه له هێرشکاره‌کان که‌وتبونه رێگا، داره‌مرواری له ناوکه ژاوه‌که یه وه روی کرده خه‌ڵکه‌که، پێی وتن: ئه‌ی سپایانی نه‌به‌زی من، ئێوه بۆبه‌رگری له خاك و ئاوی خۆتان هاتون و ناتانه وێ هێرش به‌رنه، سه‌ر که‌س و ماڵ و سامانی ئه‌م و ئه‌و داگیر بکه‌ن، هه‌ڵبه‌ت خودایش پشت و په‌ناتانه، دژو دوژمن له خاکی خۆتان ده‌رکه‌ن و بیان تارێنن. به‌ڵام له‌وه زیاتر کارتان پێان نه‌بێ چونکه ئێمه ته‌نیا به حوکمی ئیسلام له خۆمان به‌رگری ئه‌که‌ین و به‌س. ئێستا من به‌ره‌و پێته‌خت ئه‌گه‌ڕێمه‌وه و چاوه‌ڕوانم ئه‌گه رپێویست بێ بانگم که‌نه مه‌ته‌رێز تامنیش شان به شانی ئێوه بۆ دیفاع‌و به‌رگری له مافی وڵات جه‌نگ بکه‌م، سه‌رداره‌کان کاتێ ئه‌م قسانه‌یان بیست یه‌ك ده‌نگ وتیان بژی: مه‌له‌که، ئێمه ئه‌چینه جه‌نگ و به یارمه‌تی یه‌زدان موژده‌ی پیرۆزی و سه‌رکه‌وتنی خۆمان بۆ تۆ ده‌هێنینه‌وه، ئه‌م پێش بینیه به راست گه ڕاو دوای سێ مانگ و چه‌ن رۆژسپای ئیسلام دوژمنه‌کانیان راونا، خۆیان به‌دیل و ماڵ و ده‌سکه وتێکی زۆره‌وه

Dr.Saleh Ebrahimi



گه‌ڕانه‌وه‌، داره مرواری فه‌رمانی دا دیله‌ کانیان به‌بارمته‌و خۆ کڕینه‌وه ئازاد کرد، یه‌ کێك له‌و جه‌ژنانه‌ی واله‌ کاتی داره‌مرواری دا باو بووه ئه‌وه‌یه‌، کاتێ له‌مانگی ئاوریل ومه‌ی‌دا زریه‌ی نیل ئاوی زۆر ئه‌بوو ئه‌هاته سه‌ر، داره مرواری به ره‌سمی فه‌راعینه‌ی میسر سواری ئه‌سپێ ئه‌بو و وه‌زیری ئه‌عزه‌م هه‌وساری ئه‌سپی مه له‌ که‌ی ئه‌ گرت به ده‌سه‌وه‌و ده هه‌زار نێزه به ده‌س و غولامی که‌مه‌ر زێڕینیش به پیاده له‌به‌ر رکێفی داره مرواری یه‌وه ئه ڕۆیشتن، پیاو مه‌زنانی سپایی ونیشتیمانی بۆ رێز نانی مه‌له‌ که به پیاده ئه‌هاتن، هه‌ندێ له‌ کاره‌ که‌ران و غولامانی ده‌رباری به چه‌ پکه‌ گوڵ و مه‌نقه له عوده‌وه له‌به‌ر جڵه‌و یدا ئه ڕۆیشتن.

داره مرواری به و هه‌مو شکۆ یه‌وه له‌ کۆشکی خۆیه‌وه تالێواری نیل ئه‌هات و چه‌پکه گوڵێکی به ره‌سمی فه‌راعینه‌ی میسر ئه‌دا، به‌ده‌م ئاودا وپێشکه شی نیلی ئه‌ کرد و له ئه‌سپ دابه‌زی و مشتێکی له ئاوی نیلی هه‌ڵگوێزاو دوباره‌ کردیه‌وه ناو ئاوی نیل له‌پاشان گۆرانی بێژان و خۆو یژان ده‌سیان ئه‌ کردبه مه‌قام و گورانی وتن و شمشاڵ وبلوێر لێدان و ژن و پیاوو کچ و کوڕ به شایی و ره شبه له‌ ك،به‌زمیان سازئه‌ کرد، داره‌مرواری له‌ کاتی گه‌ڕانه‌وه‌دا هه‌زاران سککه‌ی زێرو زێوینی به‌و خه‌ڵك و حه‌شیمه‌ته‌؛ئه‌دا که له لایه‌ کی ئه‌و سککه‌یه داره‌مرواری وله ولای تریشی ملكةالمسلمين هه‌ ڵکه‌ندرابو. داره‌مرواری وه‌ ك گشت بنه ماڵه‌ی مه‌زنی ئه‌یو بی به‌زمانی شیرینی کوردی له ته‌ ك کورده ده‌رباری‌یه‌ کانا قسه‌ی ئه‌ کردو زۆری حه‌ز له‌داب و ده‌ستوری نیشتیمانی باو باپیری خۆی ئه‌ کرد، نه وروزی ئه‌ کرده جێژن، هه‌میشه خۆیی به‌وه رائه‌نا که کورده‌ویه کێك له‌و شوێنه وارانه‌ی سه‌رده‌م‌و کاتی پاتشایه‌تی داره مرواری دانانی بیمارستان و خه‌سته‌خانه و نه‌خۆشخانه گه‌لی گشتیه،به زمانی کوردی به‌و شوێنه‌یان وتووه... بارستان که ئێستاش له میسرا به بیمارستان ده‌ڵێن: بارستان، له پێش سه‌لاحه‌دین و داره‌مرواری دا له میسرا نه‌خۆشخانه‌ی گشتی نه‌بووه‌، داره‌مرواری بۆحه‌سانه‌وه‌ی نه‌خۆش‌و په‌رستاری کردن له له‌شی بیمارانی هه‌ژار و بێ ئه‌نوای میسر و شاره‌ کانی تری ولاته موسڵمان نشینه‌ کانی ژێر فه‌رمانی خۆی ده‌ستوری دا نه‌خۆسخانه گه‌لێی زۆریان ساز کرد.

هه‌روه‌ها رای‌سپارد تا هه‌ندێ له خۆشنوسانی ناوداری ئه‌و ده‌مه بهێنن و موچه و دراویان بده‌نێ تا ئه‌وانیش قورئان بنوسنه‌وه‌و بی نێرنه شار و گونده موسڵمان‌نشینه‌ کان،هێمان له